# ئەنفال‌و ئەتەکیەتی وۆرك شۆپەكان.

**عومەرمحەمەد**

دوای 20ساڵ لەتاوانی ئەنفال خەریکە ئەنفالناس‌وخەمخۆری تازەی ئەنفال پەیدا دەبیٚ، هەڵبەت ئەمە لەلایەك مایەی دڵخۆشییەو لەلایەکی تریش مەترسیدار، مایەی دڵخۆشییە کە کورد بەنیازە لەتاوانە جینۆسایدیەکان بێدەنگ نەبێت، کە دەشسێت ئایندەی خۆی لەسەربنیات بنێتەوە، جێگەی مەترسیشە چونکە هەرئەوانەن هاتوونەتە پێشەوە کە 19ساڵە کەسوکاری ئەنفالەکان بەمرۆڤ نازانن..بەتەنیشت ئەنفالچیەکانەوە خەریکی پاساو هێنانەوەوخۆدەوڵمەندکردن بوون، تازە بەتازە بەپاشخانێکی نامەعریفی‌ودەستی بەتاڵەوە هاتوونەپێشەوەو قسەی عەنتیکە لەسەرجینۆسایددەکەن. ئەوەش باڵەولاوە بوەستیٚ کە هەرکەسەو بەنەغمەیەك دەخوێنی‌و بێخەم لەحاڵی کەسوکاری ئەنفالکراوان، سەری بەئاوازی خۆی گەرمە.

کەم نین ئەو "ئەنفال"ناسانەی بەسەر ئەنفالەوە خەریکی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانن‌و کەسوکاری ئەنفالیش بەپێشچاویانەوە نامۆترین مەخلوقی سەروەختی دیموکارسی‌ومافی مرۆڤن.

هەندێك لەئەنفالناسەکان! بەتایبەتی ئەوانەی شینیان بۆهەڵلوشینی مینحەیە، یان ئەوانەی لەبڵندگۆکانی دەسەڵاتەوە دەخوێنن‌و قسەی حازربەدەست‌ولەقوتونراو نەبێت، هەگبەیان بەتاڵە، لەهۆتیلە ڕاقیەکاندا نەبێت قایل نین قسەلەکێشەکانی ئەو مرۆڤ گەلە مەزلۆمە بکەن کەبەپاشماوەی ئەنفال ناودەبرێن.

بەلیٚ.. ئەوجۆرە خەمخۆرانە هەتا ئاوی مەعدەنی لەبەردەمیاندا نەبێت‌و لەچێشتخانە گرانبەهاکان، کۆبوونەوەیان بۆسازنەکریٚ‌وبانگهێشتی سەرخوانی "بۆفیە"([1]) نەکرێن، ئیلهامی قسەکردنیان نیە، ئەگەرنا ووشەیان لەزمان ناگەڕی‌و هەشبیٚ لەگیانەڵادایەو هەرلەکۆبوونەوەکاندا مرداردەبنەوە، بەومەرجەنەبێت لەبارەی ئەنفالەوە مەیلی قسەکردنیان سازنییە، ئەوان ئاوا کاردەکەن ئینجاخوای دەکرد هەموو پیرەمێردو پیرەژنەکانی گەرمیان‌وبادینان، بەدەردی (میمکە فاتم‌ومام والی)([2]) دەچون‌و لەتینوان دەخنکان، یان وەکو نەخۆشە هەڵەبجەییەکان کیمیایی جەستەی هەلا هەلادەکرن‌و لەپەراوێزی غەڵبەغەڵی مافی مرۆڤدا ڕۆحیان دەردەچوو..گرنگ ئەوەیە لەو کۆڕو" وۆرك شۆپ"انەدا جۆرە قسەیەك نەکرێت دڵیان برەنجیٚ‌وئەونازونیعمەتەیان لێتێکبدات!!

ئەمەیە ئەونامۆبوونەی لەمرۆڤ بوون دەمانخاتە گومانەوەولەبەردەمی پرسیارێکی ئەخلاقی گەورەدا رامان دەگرێت، داخوا ئێمە هەین یان دەشێت ببین؟!

چۆن هەست بەنامۆبوون نەکەین؟ چما قوربانیەکانی ئەنفال‌وکیمیاباران، ئەو ئینسانانەی هەتا ئەمرۆش بەئاستەم هەناسە دەدەن ئاوهەیە بیخۆنەوە؟ تائێمە بەدەم باوێشکدان‌و هەڵقوڕاندنی ئاوی کەللە تەزێنی گرانبەهای ناوئەو هۆتیل‌و چێشتخانانەوە قسە لەپاککردنەوەی ئاوی خواردنەوەیان بکەین، چماژیان‌وگوزەرانیان هەیە هەتا بیر لەچاککردنی بکەینەوە؟! لەوەش خراپترئەتەکییەتی ئەو کۆبوونەوانە دەبێتە هەواڵی سەرشاشەی تەلەفزیونەکان‌و ترومنەتیشیان بەسەردادەکرێت، بێئەوەی هیچ گرفتێکیان چارەسەربکرێت.

تۆبڵێی قوربانیان ئەدرەسی هیچکام لەوبەڕێزانە پێبزانن؟ ئاخۆ هیچ رێگایەك دەیانباتەوە سەرئەوهۆتێلەڕاقیانە، کە بەتێروتەسەلی قسە لەبرسێتی ئەوانی تێدادەکرێت؟ نازانم خەم‌و دەردونەخۆشی گەرمیانیەکان‌و هەڵەبجەییەکان لەکویٚ‌و ئەتەکییەت‌وخەیاڵی ئەنفالناسەکانی کورد لەکویٚ؟ چما من غەشیمم یان دەبێت هەرلەوهۆتێلە باڵابەرزانەدا قسە

---

[1] ئەو ژەمە خواردنە هەمە جۆرەیە کە لەهووتیل‌وچێشتخانە گرانبەهاکاندا ئامادەکراوەو میوان ئازادە هەرچی دڵیدەخوازێت‌و هەرچەندی دەتوانیٚ بەدەستی خۆی بیباتە سەرمێزەکەی‌ونۆشی بکات.

[2] مام والی مامەلی‌و میمکە فاتم خوشك‌وبرایەکی پیروپەککەوتەی هەژاری‌گوندی قەلاچەرمەلەبوون دوای گەرانەوەیان لەنوگرە سەلمان لەئۆردوگای رزگاری پێکەوەدەژیان‌ودواتری پێکەوە مردن

لەمرۆڤەکانی ناو ئەو" ووشکە کەڵەك"ە کورتە باڵایانە بکرێت، کە بەناهەق ناوی خانویان لێنراوەو ئەومەخلوقانە بەناهەموارترین شێوە تێیدا دەژین ؟!!